گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# میکانزمی کارکردنی فەرهەنگ لەبەر ڕۆشنایی سیستەمی ژمێرکاریدا

**پەریز خالد محمد امین**
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Pareze85@gmail.com

**پ.د. صباح رشيد قادر**
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Dr.sabahrashed@yahoo.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/٥
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٢/١٨
بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٣

## ووشە سەرەکییەکان

*Morphology, Syntax, Minimal program, Faculty language, language acquisition*

**Doi**:
10.25212/lfu.qzj.8.4.11

## پوختە

ناونیشانی ئەو توێژینەوەیە بریتییە لە ( میکانیزمی کارکردنی فەرهەنگ لەبەر ڕۆشنایی سیستەمی ژمێرکاری) و توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی میکانیزمی کارکردنی فەرهەنگ لە چوارچێوەی پرۆگرامی بچوککراوە (minimalist program) لەبەر ڕۆشنایی دوا بۆچونەکانی چۆمسکیدایە، بێگومان فەرهەنگ دەچێتە ئاستی وشەسازییەوە، هەربۆیە چۆمسکی لەدوا بۆچونەکانیدا پێیوایە ئاستی مۆرفۆلۆجی هۆی سەرەکی دروستبونی جیاوازییەکانی نێوان زمانەکانە، لەبەرئەوە بو بەشێکی زۆری زاناکان، ڕوویان لە شیکردنەوەی لایەنی مۆرفۆلۆجی کرد لە شیکردنەوەی پرۆگرامی بچوککراوەدا، بەمەش سنوری توێژینەوەکە ئاستی مۆرفۆلۆجی دەبێت: ئەو لقە ناونیشانانەی خوارەوە لەخۆدەگرێ: لایەنی فەرهەنگی مۆرفۆلۆجی، بۆ ڕوونکردنەوەی ئاسۆی فراوانی ئەو بوارە پێویستی بە گەڕانەوەیەک هەیە لەسەرەتای دروستبونی زمان لەمێشکی مرۆڤدا، بێگومان ئەو بۆچونە بە گەلێ قۆناغی لێکدانەوە تێپەڕیوە، بەڵام لێکدانەوەکانی ئێمە لە چوارچێوەی پرۆگرامی کەمینەدا بە( پرۆگرامی بچوککراوەش ناودەبەن ) دەبێ، وشە لەئاستی فەرهەنگدا وەکو یەکەیەکی تەمومژ سەیردەکرێت، پێشتر واباوبوە، کە گیرەکەکان ئەو تەمومژییە دەڕەوێننەوە، لەپاڵ بۆچونە نوێیەکان، کە سیاق چاکتر دەیڕەوێنێتەوە، میکانزمی وەرگرتنی زمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێکەڵەیەکە لەنێوان دوو میکانزمی کارکردن، یەکیان بە ڕێگەی بۆماوەیی منالٚ وەردەگیرێ، ئەویتریان لەژینگەی زمانی دەوروبەری خۆی بونیادی دەنێ، هیچ یەکێکیان لەمانە بە تەنیا نابێتە مایەی بونیادنانی زانیارییە مەعریفییەکانی زمان، ئەو پرۆسەیەی تاکو تەمەنی ( ٩-١٠ ) ساڵی بەردەوام دەبێ.
توێژینەوەکە دواتر لە ڕێکارییەکی دوای ئەو قۆناغە کارادەکرێ لەوەی چۆن یەکە فەرهەنگییەکان لە فەرهەنگەوە دەبرێنە دەرەوە بۆ بونیادنانی هەر دەربڕین و درکاوێک لە کاتی ئاخاوتندا، لەو قۆناغی پرۆگرامەدا چۆمسکی لەسەر بنەمای وزە پاراستن economic گەلێک لەزاراوەکان دەگۆڕێ، هەندێکیان کە پێی وایە پێویست نین لایان دەبات، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا باس لەکارکردنی جوڵاندن movement و لێکدان merging دەکەین کە وەکو بزوێنەری پرۆگرامی کەمینە لەکاردابن خستنەڕووی ئەنجامەکان و کورتەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و ڕیزکردنی سەرچاوەکان کۆتایی بە توێژینەوەکە دێنین.

## پێشەکی:

1- ناونیشان و سنوری توێژینەوەکە : ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە ( میکانزمی کارکردنی فەرهەنگ لەبەر ڕۆشنایی سیستەمی ژمێرکاریدا ) کە شیکردنەوەکانی دەبرێتە ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی بەواتای ئەوەی سنوری توێژینەوەکە لە ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا دەبێت.
٢- ئامانج و گریمانەی توێژینەوەکە : ئامانج و گریمانە لە توێژینەوەدا هەمان چەمکیان هەیە ئەویش خۆی لە چوارچێوەی ئەوەدا دەبینێتەوە ، کە تاکو چەند ئەو تیۆرە لەلایەنی مۆرفۆلۆجییەوە بەسەر زمانی کوردیدا جێبەجێ دەبێ یان چ هەموارێک بۆ تیۆرەکە بکەین بۆ ئەو مەبەستە.
**٣- کێشە یان پرسیاری توێژینەوە :** لەو جۆرە توێژینەوەدا کێشەی توێژینەوە نەک پرسیار دەخرێنە ڕوو، چونکە پرسیار بۆ ئەو توێژینەوانە دەکرێت کە بەراورد کردن بێت- contrastive study – کێشەکە لەوەدایە زمانی کوردی لەڕووی پۆلی مۆرفۆلۆجییەوە ڕێژەی تێکچڕژانەی جیاوازە لە زمانی ئینگلیزی

وئەڵمانی ، بۆیە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی تیۆرەکە هەندێک بەربەست دێتە ڕێگە هەوڵدەدەین شیبکەینەوەو چارەیان بۆ بدۆزینەوە.

**٤- ڕێبازی توێژینەوەکە :** ئەو توێژینەوە ڕێبازێکی وەسفی شیکاری دەستەبەر دەکات لە لێکدانەوەو شیکردنەوەکانیدا.

**٥- ناوەڕۆکی توێژینەوەکە :** ئەو توێژینەوە بەسەر ( ١١ ) دابەشدەبێت ئەوانیش ( لایەنی فەرهەنگی مۆرفۆلۆجی، سەرەتای دروستبونی زمان، تەم و مژی وشە لە ئاستی وشەسازیدا، نواندنی سیماکان لە درەختەکانی نواندندا، وەرگرتنی زمان لە نێوان زانیارییە سەرەتاییەکانی زمان و شێوازی وەرگرتندا،مەرجەکانی وەرگرتنی زمان، Numeration ژماردن،کردەی لێکدان لە دارِشتندا : Merge) )،لێکدانی دەرەکی و لێکدانی ناوەکی،ئەرگەتیڤی مۆرفۆلۆجی )

## میکانزمی کارکردنی فەرهەنگ لەبەر ڕۆشنایی سیستەمی ژمێرکاریدا

### سەرەتا

بیرۆکەی پرۆگرامی بچوککراوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ گەشەیکرد، بەبێ هەبونی پەیوەندییەکی پتەوی بە ڕستەسازی بەرنامەی بچوککراوە (چومسکی: 1993) ، چونکە MM بونیادی ڕستەو بونیادی مۆرفۆلۆجی بەشێوەیەکی سەربەخۆ سەیردەکات و هەریەکەیان بنەماو یاسای تایبەت بەخۆی هەیە (بڕوانە wunderlich: 1995:3) هەروەها wunderlich: 2000 بۆ سەیرکردنی جیاوازی نێوانیان wunderlich پێیوایە، کەوا سیستەمی ژمێرکاری زمان (computation system) کە لەمێشکی مرۆڤ کاردەکات دابەشی سەر ئاستی مۆرفۆلۆجی و ئاستی سینتاکس دەبێ، هەندێ جار ئاستی مۆرفۆلۆجی وەکو ڕستەسازییەکی ناتەواو سەیردەکرێ، کە زۆر ئاڵۆزە، وەکو ئەوەی کە بە زاراوەی وەکو: توانەوە Fusion , هەڵوەشاندنەوە یان لەتکردن Fragmentation ، و هەژاربوونی زمان impoverishment، کە گەلێك لادانی تێدایەو قورسە هەمو کەس لێی تێبگات، لەپاڵ ئەوەشدا ئەو زاراوانە سنوردارن و لە بریدانان قەبول ناکەن، زمانەوانەکان لایانوایە، کە مۆرفۆلۆجی سەرەتای ڕستەسازییە، بەر لەوەی وەکو بەشێکی سەربەخۆ سەیربکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ١- لایەنی فەرهەنگی مۆرفۆلۆجی

ئەوەی ئێمە دەمانەوێ جەختی لەسەر بکەینەوە لەو بەشەدا لایەنی فەرهەنگی مۆرفۆلۆجی لە بەرنامە بچککراوەدا، واتە لایەنی مۆرفۆلۆجی بەهەند هەڵدەگرین لە شیکردنەوەکانماندا،(ئەو ڕەوت و ڕێڕەوە لێکدانەوەیەی لەسەرەتای نەوەدەکاندا لەچوارچێوەی ئەو توێژینەوانەی لەبارەی تیۆری فەرهەنگ لە زانکۆی Dusseldorf ی ئەڵمانیا ئەنجامدرا هاتەکایە. دەستپێکی شیکردنەوەکان بەو توێژینەوەیە دەستی پێکرد کە بەناوی "مۆرفۆلۆجی گەردانەکردن لە زمانی ئەڵمانی" بوو، لەلایەن ڕابەری ئەو بیرۆکەیەوە بەناوی Dieter Wunderlicch.

Minimalist Morphologe کە بە (MM) کورتدەکرێتەوە، بەشی زۆری ئەو توێژینەوەیەی (وندەر لیخ) ی داگیرکردبوو، ئەوەی لەو بوارەدا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کرا بریتی بوو لە ڕۆڵی بەخشتەکردن (paradigm، شیکردنەوەی گیرەکە گەردانییەکان (ڕێزمانییەکان) – inflectional affixes )، پۆلی کەرەستە گەردانییەکان (inflectional Classes ئەلەمۆرفی قەدو ڕەگەکان stem allomorphy، ڕیزبونی هەرەمی پۆلە ئەرکییەکان (the hierarchy of functional categories.) دیاردە دەنگییەکان (Voic phenome) نیشانە گەنجینەکراوەکانی دۆخ inventories of case markers و گیرەکی نوسەکەکان (clitic affixes)، هەروەها مامەڵە لەگەڵ هەندێ باری تری وەکو نوسەکەکان و ڕیزبونی نوسەکەکان و هەندێ لایەنی تری وەکو مۆرفۆلۆجی وشەداڕێژەکان. (Wunderlich 1992: 231).

لەپاڵ ئەوانەدا گەلێ بابەتی وەکو دۆخی بکەری و گۆڕانی دەنگی لەئاستی ناوەکاندا، ڕێکەوتن لەچوارچێوەی تیۆری فەرهەنگیدا، دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کەوا بەرنامەی کەمینە بەشێوەیەکی سەربەخۆ گەشەی پێدراو تاڕادەیەك دوور لە ڕستەسازی کەمینە (چۆمسکی 1993 ئەوەی ڕاگەیاند کەوا ئەو کەرەستانەی زۆر پێویست نەبن دەکرێ لە تیۆرەکەدا پشتگوێ بخرێ. هەرلەبەرئەوەش بوو بەپێی پرۆگرامی بچوککراوە تاکو لقەکانی نواندنیش لای چۆمسکی بەرەو کەمکردنەوە دەڕوات، تاوەکو وا دەبێ لە فەرهەنگەوە یەکسەر بەرەو فۆرمی لۆجیکی وفۆرمی دەنگی دەڕوات، ئەوانە هەمووی لەڕێگەی سیستەمی ژمێرکارییەوە دەبێ(دواتر لێی دەدوێین) چونکە MM لە وەرگرتنی بونیادی ڕستەدا و لە بونیادی مۆرفۆلۆجیدا وەکو ئەوەی خاوەنی یەکەی سەربەخۆبن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات سەیری (wuderlich, fabri:1994:14). بەواتای ئەوەی یاسا سینتاکسیەکان تێکەڵ بە یاسا مۆرفۆلۆجیەکان ناکرێت، وندرلیخ پێیوایە، کەوا پەیدابونی مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاوەزمەند

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەوکاتەوە دەستپێدەکات، کە مرۆڤ توانای درکاندن و ئاخاوتنی هەبووە، لای ئەو سیستەمی ژمێرکاری لەمێشکدا بەسەر هەردوو ئاستی سینتاکس و کۆپیوتەری دابەشدەبێ پێیوایە کەوا ئاستی مۆرفۆلۆجی ئاڵۆزترە لەوەی کە (تواندنەوە، ڕۆناندن و لەناوچونی وشە و دەنگەکان لەخۆ بگرێ. زمانەوانەکان پێیانوایە کەوا بەشێك لە ڕستەسازی هەیە بەواتای ئەوەی مۆرفۆلۆجی ئەمڕۆ بەشێکە لە رستەسازی دوێنێ، بەمەش مۆرفۆلۆجی دەبێتە پارامیتەرێك بۆ زمانەوانی وسەرەتاکانی تایپۆلۆجی (پۆلکردنی زمانەکان بەڵام زمانەکان هەندێکیان مۆرفۆلۆجی و هەندێکی تریان سینتاکسی بە زیاتر بەهەند وەردەگرن (ئەو پۆلی زمانەکان یەکلایی دەکاتەوە) لە زمانەوانی بەرهەمهێناندا ڕۆنانی یان پێکهاتەی سینتاکس لەگەڵ پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی دەتوانێ زاراوەی پێکەوە هەڵکردن (coexistence)، ئەوە یەکێك لە کێشەکان بووە لەسەرەتادا. تیۆرە جیاوازەکان هەوڵەکانیان بۆ ئەوە بوو پەیوەندییەکی ڕوون لەنێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی روون دەستنیشان بکەن لەچوارچێوەی تیۆری بەرهەمهێناندا (بڕوانە Halle &Marantz: 1993: 15)، کە تا ئێستاش ئەو بۆچونەی هاڵومارانتیز کە لەچوارچێوەی (مۆرفۆلۆجی تەواوکەرانە distributed Morphology خستیانەڕوو چاکترین نوێنەری بیرۆکەی مۆرفۆلۆجیە لە شیکردنەوەدا کە زۆرجار بەلای هەندێ لە زمانەوانەکان بە پێش ڕستەسازی pre syntactic ناودەبرێ، ئەوە زیاتر لەلایەن (Alexiadou & Muller 2008) بەکارهات، هەروەها زاراوەی pre syntactic Morphology یش بەکارهێنرا، ئەو چەمکەی مۆرفۆلۆجی بەر لە ڕستەسازی زیاتر ئەوە ڕووندەکاتەوە کەوا دەوڵەمەندی مۆرفۆلۆجی چەند کاریگەری دەبێ لەسەر دەرکەوتنی ڕستەسازییەکی کە کەرەستەکانی تیایدا بەڕوونی دەردەکەون.واتا سینتاکسێکی دەرکەوتو کە بەرامبەر زاراوەی pro-drop language دەوەستێ.وادەکات لەو جۆرە زمانەدا سیمای پۆلە گەردانییەکان (ڕێزمانییەکان) بەنەبینراوی لە دروستکردنی ڕستەدا بمێننەوە، ئەوە زیاتر لەبەرنامەی بچوککراوەدا ڕوونتر دەردەکەوێت (بڕوانە Alexiadou & Muller 2008: 140). لەبەرنامەی بچککراوەدا کردارەکان هەندێ شێوەی لادان وەردەگرن. بۆ لێکدانەوەی ئەو نەگونجاوییەی هەندێ جار لەنێوان مۆرفۆلۆجی وسینتاکس دێتەکایەوە لەئەنجامی هاوسێیەتی نێوانیاندا juxtaposition بۆجیاوازی ژینگەکەی دەگەڕێننەوە، لەلایەکی ترەوە مەزەندەکردنی ئەوەی بەپێی مێژوو کە مۆرفۆلۆجی لەڕووی مێژووییەوە کۆنترە، و بونیادنانی ڕستە (بەواتایەکی ورد) ناکرێ لە بونیادی ڕستەدا وا لێکی بدەنەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە پێکەوە بەستنەوەی چەند کەرەستەیەکە (کەرەستەی واتادار) بۆ دروستکردنی کەرەستەیەکی گەورەتر.

## ٢- سەرەتای دروستبونی زمان

بیرکردنەوە لەوەی کەوا زمان چۆن دروست بوە، کاتی خۆی گەلێ لە زانایانی سەرقاڵ کردبو، بەشێك لە زانایان پێیانوابو، سەرەتا دەبێ ئەو بیرۆکەیە بەڕادەیەك بەرتەسك بکرێتەوە، کە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، ئایا زمان خۆی چییە؟ کە ئەویش لە ڕوانگەی جیاوازەوە بۆی دەچن. بۆ نمونە: ئایا بەپلەی یەکەم زمان بریتییە لە بونیادنانی ڕستەی گونجاو، یان ئایا مەبەست لایەنی وشەسازی زمانە، جیاوازی نێوان وشەکان، یان کۆکردنەوەی نێوان ژمارەیەك وشەیە، یان بریتییە لە گوزارشتێکی دەنگی، بەڵام ئەوانە لایەنێکی جیاوازیی زمان لەخۆدەگرن، بۆیە دەکرێ بوترێ زمان بەپێی گەشەی مێژوو بریتییە لە کۆمەڵە قۆناغێکی گەشەکردن، کە هەموویان تەواوکەر وپشت بەیەکتر بەستو سەیردەکرێن، بەپێی ئەو گەشەسەندنە توانای مرۆڤیش بۆ ئاخاوتن گەشەی سەندووە.بەشێك لەزاناکانی ئەنترۆبۆلۆجی پێیانوایە، کە ژینگەکەی دەرەوەی زمان بۆتە مایەی گەشەپێدانی توانستی زمان خۆی، بۆ نمونە چاخی بەردین، پێویستی بە یەکەی فەرهەنگی ئەو سەردەمە هەبووە، چاخی شەختە و چاخی کشتوکاڵی، هەمو چاخەکانی تر (بڕوانە Diamond & Bellwood 2003: 598)، ئەو گێڕانەوە مێژووییەی قۆناغەکانی گەشەسەندنی زمان، بۆ ئەوەیە کەوا ئەوە بخەینەڕوو کە چۆمسکی لە بەرنامەی بچوککراوەدا زمان دەگەڕێنێتەوە سەر بیرۆکە بەرتەسکەکەی بەرهەمهێنانی زمان کە تیایدا لەفەرهەنگەوە بەرەو فۆرمی دەنگی (PF) دەڕوات وفۆرمی لۆجێکی (LF) کە تیایدا هەر دەربڕاو و درکاندنێك بەواتایەك دەبەستێتەوە.

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێداوە کەوا ئاستی سینتاکس و مۆرفۆلۆجی لەچوارچێوەی بەرنامەی کەمینەدا (پرۆگرامی بچوککراوەدا) بەسەربەخۆیی کاردەکەن، فۆرمی جیاواز بەکاردێنن لەوەرگرتن وشیکردنەوەکانیاندا، بەڵام هەوڵدەدەن (کەمترین وەرگرتە) بەکاربێنین بەواتایەکی تر زمانەوانەکان (بۆ نمونە Chmosky 1993: 7)، پێیوایە کەوا بەستنەوەی بیرۆکەیەکی سینتاکسی نییە بە بیرۆکە مۆرفۆلۆجییەوە، بەڵکو پاراستنی وزە (economic) لەداڕشتن و نواندنی هەر کردەیەکی سینتاکسی یان بەستنەوەی مۆرفۆلۆجیدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ، کەوا مامەڵەکردن لەگەڵ مۆرفیمەکان، وەکو توخمێکی فەرهەنگی سەیردەکرێن، ئامانجی سەرەکی بریتی دەبێ لە بەدەستهێنانی شیکردنەوەیەك بۆ ئەو زنجیرەو توخم و دەروازەکانی مۆرفیمەکان کە دەخرێنە بەردەست. هەردوکیان توانای وەرگرتن و فێربونیان هەیە، دەکرێ بەکەمترین کردە جێبەجێ بکرێن، تیۆرەکانی گەردانکردن لە پۆلکردنیاندا لە مۆرفۆلۆجی پرۆگرامی بچوککراوەدا (MM)، مۆرفیمەکان وەکو توخمی فەرهەنگی سەیردەکرێت: وەکو نیشانە (ئاماژە - sign) وەردەگیرێ. وەکو جوتەیەکی فۆڕمی دەنگی (PF) و فۆڕمی واتایی (SF)، یان وەکو پۆلێکی سیمای ڕیزکراو (decomposed feature matrix) سەیردەکرێ (بڕوانە Stump 2001: 2). پۆلکردنی تیۆرەکانی گەردانکردن کار لەسەر ئەو سیمایانە دەکات یەکێك لەو بۆچون و مۆدەلانەی لێرەدا پەیڕەو دەکرێت بە ڕێزمانی ڕۆنانی فرێزەکان کە لەلایەن (سەرەوە) ئاراستە دەکرێ Head-Driven phrase structure Grammar

ئەومۆدەلە دوای دە ساڵێک لەمۆدەلەکەی (1990 Gazdar, sag) هاتەکایە کە بەناوی (ڕێزمانێکی سەراپا بۆ ڕۆنانی فرەیزەکان) خستیانەڕوو، کە دوای چەند ساڵێك وەکو بیرۆکەیەکی دێرین سەیردەکرا، بەو شێوەیە ئەو مۆدەلەی (HDPSG) یش بەدێرین ئەژمار دەکرێ، بەدەرکەوتنی مۆدەل و بۆچونی نوێی لەوبارەیەوە، بنەمای ئەو مۆدەلە تازەترین شێوازبوو، کەلەلایەن pullum و zwicky 1991خرایەڕوو، کە تیایدا بونیاد و شیکردنەوەی ڕستە لەسەر بنەمای کەتیگورییەکان دەخرێنەڕوو ئەمە یەکێك بوو لە دەستەبەرکردنی ڕێزمان، کە ڕێڕەوی ڕستەسازی لەخۆبگرێ بۆ شیکردنەوەی زمانی سروشتی، لەپاڵ بەکارهێنانی ئەو یاسا ڕێزمانییانەی وەکو بۆماوە دەگوازرێنەوە لەو بارەیە، کە بەشێوەیەکی فراوان لە کۆمەڵگە بەناوی (NLP) بەکاردێن. بەوەش زمانەوانی ژمێرکاری Computational Linguistics بەشێوەیەکی بەرفراوان پەرەی سەند. ئەوانە زیاتر لەکارەکانی ( Keller 1993, Carpenter 1992) ڕەنگی دایەوە، تیایدا، کە لەبارەی پەیکەر و جومگەی سیما نوسراوەکان و لایەنی لۆجیکی ئەو سیمایانە خستیانەڕوو (بڕوانە Pallard and Sag 1994: 1). چۆمسکی پێیوایە کەوا زمانی مرۆڤ تایبەتمەندییەکی سەرەتایی هەیە لەوەی کە لەڕووی زیندەزانییەوە (Biologically) سەربەخۆیە، سیفەتی دابڕانێکی بێ سنوور، ئەو تایبەتمەندییەی، کە زمانی لەسەر بونیاد دەنرێ، بریتییە لە دەیان توخمی جۆراوجۆری بێکۆتا لە گوزارشتی بیرکردنەوە و ئەندێشە وهەستەکان، ئەو تایبەتمەندییانە لەڕووی زیندەزانییەوە سەربەخۆ و دابڕاون، چونکە تایبەتە بە مرۆڤ دور لە سیستەمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زیندەوەرەکانی تر، بەڵام ئەو دابڕانە ڕەهانییە چونکە هاوبەشییەکی هەیە لەگەڵ سیستەمەکانی تری وەکو لایەنی فیزیکی و کیمیاوی و جیناتەکان (بڕوانە : Chomsky 2000: 3). ئەو دابڕانەی سیستەمی زمان لەوەدایە کە بێکۆتایە لەوەی دەتوانێ واتای بێکۆتا بەکاربەرێت، بەلێکچواندنێك لەنێوان ئەوتوخمانە ولایەنی کیمیای فیزیکی، کە تیایدا بەپێی زنجیرەیەکی هەرەمی (قوچەکی) گونجاوەوە دەکرێ شێوە (فۆرم) و ئەرکەکەی دەستنیشان بکرێت، ئەو توخمە سەربەخۆیانەی کە لە کۆمەڵەیەك وەرگیراون دەکرێ گۆڕانکاری بەسەردابێت، بەسەر توخمەکە خۆی و کۆمەڵەکەی، بۆ بەدەستهێنانی یەکەی گەورەتر و کە لە هەرەمەکەدا شوێنێکی بەرزتر دەگرێ، و لەڕووی پەیکەرو ئەرکەوەش جیاوازتر دەبێ لە پێکهێنەرەکانییەوە (بڕوانە: Ortman 1999: 91) بۆ نمونە:

### ٣- تەم ومژی وشە لەئاستی وشەسازیدا

بەپێی بۆچونی زاناکانی بواری وشەسازی وشە خۆی لەخۆیدا تەم و مژە، و گیرەکەکان ئەو تەم و مژییە دەرەوێنێتەوە، بەڵام بەپێی بۆچونە نوێیەکان زمانەوانان، وشە ئەوکاتە تەم ومژ دەبێ، کە لە سیاقەکەی دادەماڵرێ، کە بەزاراوەی context-free ناودەبرێ، لەم بارەیەوە (گۆڕاوە دەنگییەکان (




یان:




(فۆن و فۆنیمەکان)، یان گۆڕاوە ڕێزمانییەکان (مۆرف و مۆرفیم) کە پشت بە سیاقەکانیان دەبەستن پێیان دەڵێن گۆڕاوە سیاقییەکان – contextual variants (یان) گۆڕاوە مەرجدارەکان (contditioned variant)، بۆ نمونە وشەی (allophone)، پێشگری (- allo) لەزمانەوانی بەشێوەیەکی گشتی و بەرچاو لە یەکەی زمانەوانی بەکاردێت، کە کار لەسەر پێناسەی ئەرکی یەکەکە ناکات، فۆرمی ئەو گۆڕاوە لە ڕووی زمانەوانییەوە بەراورد ناکرێت هیچ گۆڕانێك لە واتا لەخۆناگرێت، بۆ نمونە لە زمانی نوسراودا، بۆ نمونە: کە زنجیرەیەك پیت لەخۆ دەگرێ، یان زنجیرەیەك گرافیم لەخۆدەگرێ، بەڵام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر یەکێك لەو گرافیمانە دەکرێ بەڕێگەی جیاواز بنوێنرێ، پشت بە سیاقە زمانەوانیەکە دەبەستێ بۆ نموونە پیتی " A α" لەوانەیە وەکو a, a, α, A،... دەربکەوێت، هەریەکێ لەوگرافیمانە ئەگەری پیتی نا بەرجەستەی گرافیمی "A" بۆنمونە ئەو پیتە دەکرێ لە وشەیەکی وەکو (cαt) بەو شێوانەی خوارەوە دەربکەوێ



(Crystal: 20 بڕوانە)

- (لەنێوان زاراوەی هاودەقی co-text و سیاق context ) دا

لای هەندێ لە زمانەوانەکان زاراوەی (co-text) لەبری context- سیاق بەکاردێنن واتە "هاودەق" یان دەقی هاوبەش دیاریکردنی سیاق تایبەتمەندییەکی ڕێزمانی بەرهەمهێنانە، بۆ یەکلایکردنەوەی ئەوەی ئایا ئەو یەکەیە لە سیاقێکی دیاریکراودا بەکاردێ یان نا، سیاقێکی هەستیار (دیاریکراو – context sensitive) یان لەسیاق دابڕاو، یاسای کۆتبەندکردن/ سەربەخۆیە (یاسا دابڕاوەکان لە سیاق)، ئەو یاسایانەی لە سیاق دابڕاون، ئەو یاسایانەن کە هەموویان بەکاردەبرێن بەبێ لەبەرچاوگرتنی سیاق.

بۆ نمونە x وەکو y بنوسەوە هیچ مەرجێکی لەسەر جێبەجی ناکرێ:

بۆ نمونە xp ↔ yp

دەکرێ "x" و "y" فرەیزێکی ناوی یان کرداری...تد بێت بەڵام لەشیکردنەوەی

V + NP → VP

دەچێتە ناو سیاقێکی کردارییەوەو کەرەستەکانی دیاریکراودەبن. (بڕوانە(Crystal 2008: 108.

٤- نواندنی سیماکان لە درەختەکانی نواندندا

کێشەیەك لەو مۆدەلە دێتەکایەوە لەوەی ئایا دەتوانرێ لە خستنەڕووی درەختی نواندنەکاندا یەکە فەرهەنگییەکان بەهەموو سیماکانیانەوە لەو درەختەدا بنوێنرێ؛ یان ئەو یەکانە بە سیماکانیانەوە دەکەونە ژێر ڕکێفی یاساکانی فرەیزو ڕستەکانەوە، ئەوە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغانەی کە تیایدا لەمێشکدا چۆن ڕستەوە بونیاد دەنرێت، کە تیایدا لە فەرهەنگی ئاوەزییەوە دەستپێدەکات، وا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گریمانەکراوە کەوا لێکۆڵینەوە لە زماندا ڕاستەوخۆ وابەستەی ئەو توانستە (Faculty)ییەوە کە لای عەرەب بە (الملكة اللغوية) ناوی دەبەن، کە لقە پێکهێنێکە لە مێشکی مرۆڤ تایبەتە بە زمانەوە. ئەو زاراوەیە کۆنە بەڵام بۆ سیاقێکی نوێ بەکاردێت، ئەو سیاقە تازەیە لەگەڵ هاتنەکایەی شیکردنەوەکانی زیندەزمانی – biolinguistic پەیدابو، بەڵام بەبێ هیچ زەمینەیەک ئەو توانستە تایبەتمەندی زمانی جۆرەکانە، خۆی لە بارێکدا بۆماوەییە، بەڵام لەژێر کاریگەری ژینگەی کەسەکە دەبێ وکاریگەری لێدەکەوێتەوە - ئەو زانیاریانەی سەرەتا منداڵ وەریدەگرن لای چۆمسکی بە هێمای ($S_0$) ناوی دەبات، ئەو هێمایە کورتکراوەی زاراوەی ( Initial zero state) واتە سەرەتای زمان کە تیایدا زانیارییەکان لەباری (سفر)دان لێرەدا (سفر $S_0$)دەبێتە سیمایەك لە سیماکانی – Faculty of Language – FL ئەولێکدانەوەیە بەشێکە لەو تیۆرە فەرهەنگییەی چۆمسکی بەناوی (nativist) ختسیەڕوو (بڕوانە (Chomsky 2001: 1). ئەو تیۆرەی nativist – ئەسڵی زمان وەکو شوێنگرەوەیەك، یان بەلێکدانەوەیەك بۆ زمان وەرگرتن هێنایەکایە، مەبەست لە وەرگرتنی زمان Language Acquisition وەرگرتنی زمانی یەکەمە لای منداڵ کە لەکوردی" زمان پژان" یشی پێدەڵێن، کە زیاتر جەخت لەسەر زانیارییەکان دەکاتەوە کە هەمو لایەنەکانی پەیوەست بە زمان دەگرێتەوە. چۆمسکی سەبارەت بە زمان وەرگرتن دەیخاتە دووبارەوە: 1) باری سەرەتای وەرگرتن 2) باری کۆتایی وەرگرتن، بەناوی سەرەتا – inital و کۆتا Finalی وەرگرتن هەردوو ئەو بارانە لەمێشکدان، لەسەرەتای لەدایك بونی منداڵ هیچ زمانێکی نییە کە بە ($S_0$) واتە زمانی سفر ئاماژەی بۆ دەکات، باری کۆتایی قۆناغی هەرزەکاری قسەپێکەری زمانەکەیە کە قۆناغی کۆتایی وەرگرتنەکە، زمان لێرەدا هێمای ($S_1$) یان بەهێمای ($S_s$) بەواتای steady state واتە زمانێکی چەسپاو، یان جێگیر (بڕوانە Chomsky 1995a: 18) لێرەدا توانست competnce فۆرمێکی جێگیر وەردەگرێ، قسەکەر هەندێ یەکەی فەرهەنگی بۆ فەرهەنگی ئاوەزی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




خۆی زیاد دەکات لە هەندێ باری تردا هەندێ وشە و یەکەش لەدەستدەدات. چۆمسکی ئەودوو قۆناغەی بەو تیر ئاسایە ڕوونکردۆتەوە.

بەواتای گۆڕانی توانستی زمان لە نەبونی زمانەوە بەرەو پڕبونی زمان بەقۆناغێکی لەناکاو نابێ بەڵکو بەچەند لقە قۆناغێك تێدەپەڕێ، بۆیە هەندێ لە زمانەوانەکان بەشێوەیەکی تر ئەو هێلکارییە دادەڕێژنەوە:

$S_0 \longrightarrow S_1 \longrightarrow S_2 \longrightarrow \ldots\ldots Ss$

چۆمسکی پێیوایە لەبارترین لێکدانەوە بۆ وەرگرتنی زمان بریتییە لە ژمارەیەك وەرگرتن کە پەیوەندی بە لایەنی بۆماوەیی و زیندەزانییەوە هەیە، زاراوەی توانستی زمان دەکرێ بە بەرنامەی وەرگرتنی زمان ناوببرێ، کە منداڵ لەرێگەی جیناتەکانەوە بەچەند کردەیەکی خەوارزیمی بەرێوەی دەبات بۆ گەشەپێدانی ئەو رێزمانەی کە بەرێگەی بۆماوەوە وەریگرتوە بەرێگەی وەرگرتنی زمان لەدەوروبەرەوە وەکو ئەزمونی زمان تێکەڵ بەو توانستەی دەکات تاکو تەمەنی (9 - ١٠) ساڵ  توانستەکە بەزمانی دایکەوە بەپڕاوپڕی جێگیردەبێ سەیری ئەو هێلکارییەی خوارەوە بکە:




هێڵکاری ژمارە (١)

دروستبونی هەر کێشەیەك لە توانستەکە یان ئەزمونەکە، وەرگرتنی زمان و دارشتنی رێزمانەکە لەو ماوەی (9 – 10) ساڵە کێشەی لێدەکەوێتەوە. (بڕوانە Rudford 2001: 11)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو قۆناغەی لەنێوان S0 ← Ss ئاماژەمان پێدا دەکەوێتە نێوان ئەو (9 – 10) ساڵەوە، دوا قۆناغی (ss)ەکە کرۆکی ڕێزمانێکی تاراددەیەك جێگیر لەخۆدەگرێ کە بریتییە لە بنەما تایبەتی وگشتییەکانی ڕێزمانی سەراپا (priciples and parameters of UG). کە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا وەکو توانست یان مەلەکەیەکی زمانی بۆ هەموو زانیارییە زمانەوانییەکان لە مێشکدا شوێن دەگرن، تاکو ڕێزمانە لاوەکییەکان پەراوێزیکات peripheral Grammar و فەرهەنگی عەقلی و توخمە جیاوازەکان و جیاکارییەکان، کە زیاتر گۆڕاوی تێدایە. ڕێزمانی سەراپا کە چۆمسکی لەسەرەتای نوسینەکانی وەکو مۆدەلێك خستیەڕوو، پەیوەندی بەو ئەگەرانەوە هەبوو کە ئەو کێشانەی لە بونیادنانی ڕۆنانی پرۆسەی زانیارییەکان دێتەکایە (سیستەمی فۆرمی گریمانەکراوەکان).

بەو واتای ئەوەی چۆن ڕێزمانی زمانەکە بەپێی ئەو زانیاریانەی بەردەستن لەکاتێکی دیاریکراو دێتە بەرهەم (ئەو چەند ساڵەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا. (چۆمسکی بۆ ئەو قۆناغە زاراوەی (سندوقە ڕەشەکەی – black Box) بۆ بەکارهێناوە. ئەو زانیاریانە لەو قۆناغەدا هەندێ جار دەخرێتە ناو ئەو سندوقەوە هەندێ زانیاریش لەو شوێنە وەدەردەنێ، هەندێ جار گەیشتن بە زانیارییەکان لەو سندوقە کە ئەستەم دەبێ. چونکە بە شاراوەیی دەمێنەوە، منداڵ تێناگات. بڕوانە (Chomsky 1990:69).

-٥ وەرگرتنی زمان لەنێوان زانیارییە سەرەتاییەکانی زمان و شێوازی وەرگرتندا Language Acquisition Device ( LAD )

- منداڵ ئەوەی لە دایکو باوك و دەوروبەرەکەی وەریدەگرێ، وەکو زانیارییە زمانییە سەرەتاییەکان PLD- primary linguistic data دەیخاتە بەردەم سندوقە ڕەشەکە بۆ بەراوردکردن، ئەوەش بە پرۆسەیەکی زیندەزانی تێدەپەڕێ، پێی دەوترێ شێوازی وەرگرتنی زمان Language Acquisition Device کورتکراوەکەی (LAD)ە ئەوە توانستی زمانی بەلای منداڵ بەدەستدێنرێ، ئەو قۆناغانە بۆ بەرهەمهێنانی ڕێزمانی زمانەکەیە ئەگەر ئێمە وەرگرتنی زانیارییەکانی و پرۆسەی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکان وەکو "وەرگرتە" "input" سەیربکەین ئەوکاتە ڕێزمانی زمانەکە دەبێتە دەرکردە ( out put)ی پرۆسەکە. چوارچێوەی ئەو لێکدانەوانە دەکەوێتە بواری لێکدانەوەکانی زیندەزمانی، مەرجە سەرەتاییەکانی بەدەستهێنانی زمانێکی نابەرجەستە، لەوە زیاترە، کە ئێمە (S0) ناومانبرد. سیماکانی زمانە وەرگیراوە کە لەئەنجامی کارلێککردنی سێ فاکتەر دەبێ، کە ئەمانەی خوارەوەن:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1. ئەزمونی کەسی (تاك) PLD، کە لەنێوان چەند سەرپشکییەك هەڵدەبژێردرێ لەڕێگەی زمانێکی بەتاڵی بێ زانیاری (S0) ییەوە.
2. (S0) خۆی لەخۆیدا لەئەنجامی گەشەکردنەوە دێتەکایەوە.
3. تایبەتمەندییە گشتییەکانی سیستەمە ئەندامییەکانی مێشك و جەستە بەگشتی. (بڕوانە Chomsky 2001: 1).

لێرەدا سیستەمی ژمێرکاریش بەشێکدەبێ لەو پرۆسەیە، دەبێ پێشبینی توانای سیستەمی ژمێرکاری بکەین، لە لێکدانەوەی سیستەمە ئۆرگانییەکان وێنەکان ڕوونوئاشکران، دەکرێ میکانیزمی وەرگرتنی زمان لەو هێلکاریەی خوارەوە بخەینەڕوو.




هێڵکاری ژمارە (٢)

ئەوە چەمکی هێزی خوازەیی (گریمانەکراوی) وەرگرتنی زمانە. (ئەو هێلکاریە لە Macamley 1992: 44). وەرگیراوە. زۆربەی ئەو تیۆرانەی کار لەسەر میکانیزمی وەرگرتنی زمانی یەکەم کاردەکەن پێیانوایە کەوا ئەو میکانیزمی وەرگرتنی زمانە بریتییە لەوەرگرتنی زانیاری، بەوەش پێیانوایە ئەوەی گرنگە لەوەرگرتنی زمان لای منداڵ ئەوەنییە چی دەڵێ بەڵکو چی فێربووە. لێرەدا چۆمسکی سێ ئاست بۆ توانستی منداڵ لەوەرگرتنی زماندا دەخاتەڕوو:

**٥-١: توانستی تێبینی کردن: Observational adecquacy**

لەو قۆناغەدا منداڵ پەیڕەوی بنەماکانی وەرگرتن دەکات لەمیانەی تێبینی کردنی ئاخاوتنەکانی دەوروبەر، دووبارەبونەوەی دەربڕاوەکان، بۆ ئەوەی بخرێتە ناو ئامێری وەرگرتنەوە و لەسندوقە ڕەشەکە جێگیر بکرێ، ئەو سندوقە ڕەشە وەکو بەشێك لەپێکهێنی فەرهەنگی عەقلی دەبێ و ئەگەر بۆماوەیەکی زۆر و چەندجارە لای منداڵ نەگێڕدرێتەوە و بانگ نەکرێتەوە، دەچێتە شوێنێکی شاراوەی سندوقەکە، ون دەبێ، کەموکوڕی لەو توانستەی تێبینی کردنە لاوازی دەخاتە (وەرگرتە - input)ەکە.

٥-٢: ئاستی دووەمی توانستەکە بریتیە لە توانستی وەسفکردن-descriptive adecquacy کە مامەڵە لەگەڵ توانستی زمانەوانی دەکات لای قسەکەری زمانەکە دەرخستەی ئەو توانستە ڕێزمانێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرهەمهاتوو دەبێ، ئەو ئاستە دەبێ توانای جیاکردنەوەی وەسفێکی ڕێزمانی زمانەکەی هەبێ، و بتوانێ ڕستەی ڕێزمانی لە ڕستەی ناڕێزمانی جیابکاتەوە.

٣-٥: توانستی لێکدانەوە explanatory adequacy، ئەو توانستە یان ئەو ئاستی توانستە بەستنەوەی فۆڕم بە واتاوەیە، لێرەدا بەستنەوەی توانستە بە زانیارییە سەرەتاییەکانی زمانەوە، بۆ نمونە بۆچی فۆڕمێك هەڵدەبژێری لەبری فۆرمێکی تر. لە پرۆسەی (LAD)دا ئەو ئاستی توانستە بریتی دەبێ لە بەستنەوەی هەردوو ئاستی توانستی یەکەم و دووەم، لەئەنجامی دەرکردەکەیەوە لە ئاخاوتنی منداڵەکە دەتوانرێ بزانرێ کام منداڵ بەپێی ئەو زانیارییەی وەریگرتون ئاسانتر زمانەکە فێر دەبێ (بڕوانە Cook 1997: 80) ئەوەش دەوەستێتە سەرفەرهەنگی عەقڵی منداڵەکە، کە لایەنی مۆرفۆلۆجی زمان دەگرێتەوە بێگومان دەوڵەمەندی ژینگەکە کاریگەری بەسەر ئەو فەرهەنگەوە دەبێ. لەقۆناغەکانی دواتری لێکدانەوەکانی چۆمسکی و هەموو ئەوانەی لەبواری بەرهەمهێنان و زیندەزمانی کاریانکرد، هەندێ گۆڕانکارییان لە چەمکی (LAD) هێنایەکایە لەچوارچێوەی تیۆری (P&P )یدا، کە تیایدا LAD وەکو هاوواتایەک بەرامبەر توانستی زمانی و ڕێزمانی سەراپا سەیردەکرد. ئەو کۆزانیارییانەی لەمیانەی پرۆسەی LAD بەدەستدێ، ڕێزمانێك دەبێ لە چوارچێوەی پرنسیپ و پەرامیتەرەکاندا دادەڕێژرێ، ئەو زانیارییانەی منداڵ پێویستە لە ڕۆنانی ڕێزمانەکە بەدەستی بێنێ بەپێی بنەمای جێکەوتە projection، ڕێزمانەکە پێویستی بەوەیە هەندێ تایبەتمەندی بونیادبنێ بۆ نمونە لە بنەمای (بکەرخستن pro-drop)، توانای منداڵ لەوەی بتوانێ لە هەندێ هەڵوێستیدا ئایا داتوانێ بکەری ڕستەکە بپەڕێنێ یان نا؟ (بڕوانە:Haegeman 1994:8) لە لاپەڕە (15)دا هێڵکارییەکی تر دەخاتە ڕوو لەبەر ڕۆشنایی زاراوە تازەکانی زمان وەرگرتن:




هێڵکاری ژمارە (3)

بەتێبینی کردنی ئەو هێلکارییە منداڵ لە کۆتاییدا دەرخستەیەکی زمانی بەدەستدێنێ، کە دەبێ تایبەتمەندی زمانی دایك وبنەما گشتییەکانی ڕێزمانی سەراپا بزانێ و فەرهەنگی بەدەستدێنێ، کەلەسەر بنەمای مۆرفۆلۆجی زمانەکەی خۆی بونیادنراوە، بۆ نمونە دەبێ بزانێ لە زمانەکەی خۆیدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(قسەکەرێکی زمانی کوردی) دەکرێ لەڕستەیەکدا نوسەکەکان (جێناوە لکاوەکان) شوێنی جێناوە سەربەخۆکان بگرێتەوە، واتە دەکرێ لەڕستەدا بکەر بەجێناوەکەی خۆی لە بریدانان بکرێ، و ئەو بنەمایە لە زمانەوانیدا پێی دەوترێ بکەرپەڕاندن - pro- drop, کە دواتر لەپرۆگرامی بچککراوەدا بە"بکەر سفر" null subject ناوبرا.

من هاتم ← Ø هاتم

دەبێ ئەوەش بزانین کەوا لە لێکدانی وشە لێکدراوداو، و داڕشتنی وشەدا هەندێ فۆڕم ڕێگەی پێدەدرێ هەندێکی تر نا.

هەڵ + ختن - ڕێگەپێدراو

*ختن + هەڵ نارێزمانییە لە داڕشتنی وشەدا بەپێی بنەما مۆرفۆلۆجییەکانە.

- **لایەنەکانی دەروازە فەرهەنگییەکان:**

لێرەدا پێویستمان بە لێکدانەوەی پۆلی زانیارییەکان هەیە کە دەروازەی فەرهەنگی دەیانگرێتەوە سەرەتا وا سەیری فەرهەنگ دەکرا، کەوا ئەوشوێنەیە کە زانیارییەکانی سەبارەت بە تاکە وشەی لێگەنجینە دەکرێ، درکاندنی وشەکە، هەروەها فەرهەنگ زانیاری لەبارەی سینتاکس لەخۆدەگرێ بۆ نمونە ئایا وشەکە ناوە، کردارە، بەتایبەتی دەروازەی فەرهەنگی وەسفی ئەوە دەکات چۆن ئەو وشەیە لەڕووی ڕستەسازییە ڕەفتاردەکات کاتێک بەوشەی ترەوە دەلکێ، یان دەچێتە ڕۆنانی فرەیزێکەوە. بۆنمونە:

ئاسۆ کتێبەکەی خوێندەوە.

زانیارییەکانی ئێمە سەبارەت بە دەروازەی فەرهەنگی کرداری " خوێندنەوە ". دەسەڵاتی ئەوەمان پێدەدا بڕیار لەسەر دروستی ونادروستی ڕستەکە بدەین.

کرداری خوێندن بە سیماکانی خۆیەوە داوای دوو کەرەستە دەکات، یەکێك کە کاری خوێندنەوەکە ئەنجام بدات، کەرەستەیەکی تر، کردارەکەی بەسەردا جێبەجێ بکرێ. گەر ئێمە ڕستەکە بگۆڕین:

ئاسۆ کتێبەکەی خوارد:

دەروازەی فەرهەنگی خواردن لە (هەڵبژاردنی سیمانتیکی – Semantic selection سەرکەوتونەبووە لە هەڵبژاردنی کەرەستەی کتێب کە سیمای خواردن هەڵناگرێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پاییزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەچوارچێوەی پرۆگرامی کەمینەدا جۆری میکانیزم و ڕێکارەکانی پرۆسەکە بەجۆرێکی تر دەگۆڕێ تەنیا LF فۆرمی لۆجیکی و PF فۆرمی فۆنەتیکی پێویستن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆنانی ژێرەوە وسەرەوەدا، بێگومان لێرەشدا فەرهەنگ Lexicon سیستەمی ژمێرکاری سیستەمی Computation، کە هەردوو نواندنی LF,PF دادەڕێژن ئەمە لەمیانەی زانیاریەکانی فەرهەنگەوە. زمانی ناوەکی- I-Language ڕێکارییەکانی ژمێرکاریcomputational procedure لەخۆدەگرێ لەپاڵ لەخۆگرتنی فەرهەنگی زمانەکە (بڕوانە Chomsky 1995$_a$:15). سەیری ئەو هێلکارییەی خوارەوە بکە:




هێڵکاری ژمارە ( ٤ )

ڕاستەهێلەکان لایەنی ژمێرکاری دەخاتەڕوو کە نواندنی هەریەك لە PF و LF دادەڕێژێ، کە لەفەرهەنگەوە وێنەیان دەکێشێ. ئەو دارشتن و نواندنی بەرنامەی بچوککراو لەئەنجامی سەرهەڵدانی هەندێ کێشە لە نواندنی (GB) هاتەکایەوە.یەکێك لەو کێشە و گرفتانە لەتیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (GB)یدا، چارەسەرێکی وەك پێویست نییە لە پێناسەکردنی A وAی باردا (A) لەبارەی شوێنەکانیانەوە، سەبارەت بە شوێنی (A) بەشێك دەبێ لە شوێنی ڕۆڵی بابەتانەدا، واتە ئەو شوێنەی کەوا ڕۆڵی بابەتانە نیشانە دەکرێ،وەکو تەواوکەرەکانی "V" کردار شوێنی (A) وەکو شوێنی دیارخەری (spec)ی (cp) فرەیزی تەواوکەرانە کە تیایدا هیچ ڕۆڵێکی بابەتانە وەرناگرێ بۆ نمونە:









(بڕوانە Chomsky 1991c 420)

هێڵکاری ژمارە (٥)

ئێمە نامانەوێ لەسنوری مۆرفۆلۆجی دەربچین. بەڵام کورتەی بۆچونەکە ئەوەیە، کەوا زاراوەی شوێنی -A-argumentئارگۆمێنت دەبێ فرەیزێکی پڕاوپڕ پڕی بکاتەوە، ئەوەی نەتوانێ ڕۆلێکی بابەتیانە وەربگرێ ناتوانرێ وەکو argument مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە دیاریکاری cp واتە (spec)ی cp و نە تەواوکەری سەرەی (I) لە (IP)یدا ناتوانن وەکو ئەرگۆمێنت دەربکەون. ئەوەی پێویستی بە گوتنە چۆمسکی بەر لە خستنەڕووی کەرەستە پێویستەکانی کۆتایی نێوان مێشک و دەربڕین پێشتر بەسێ ئاست دەیخاتەڕوو کە پێیوابوو سیستەمی زمان/ زمانەوانی دوو ئاستی دەرەکی بەرامبەر بەکاردێنێ external interface levels کە ئەویش بە پێکهێنی سیمانتیکی و فۆنەتیکی لێکدەدرێنەوە بریتین لە LF وPF لەپاڵ ئاستێکی ناوەکی، کە زانیارییە بنچینەییەکانی فەرهەنگ دەنوێنێ لە ڕۆنانی ژێرەوەدا. ئەوسێ ئاستە بەتاکە ئاستێکەوە دەبەسترێنەوە، کە ئاستی ڕۆنانی سەرەوەیە، دواتر لە کتێبەکەی خۆیدا (1995b) باس لەو ئاستانە دەکات کە لە میکانیزمی کارکردن و وەرگرتنی زماندا پێویستن، بۆیە لەنێوان ئاستی فەرهەنگ و ئاستی فۆرمی لۆجیکی و فۆرمی فۆنەتیکی، ئاستی ڕۆنانی ژێرەوە وسەرەوە، بەپێویست نازانێ، و ئەو درەختەی لێکەوتەوە کە پێشتر خستمانەڕوو، هۆی ئەوەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا لەخستنەڕووی فەرهەنگدا، نواندنی هەموو ئەو زانیارییانە لەخۆ دەگرێ وەکو بنچینەی وەرگرتنی زمان لە سندوقە ڕەشەکەدا چەسپاو وجێگیر دەبن.

بەمەش ئێمە لەبەر دوو درەختی نواندن دەبین یەکێکیان بۆ لێکدانەوەکانی چۆمسکی دەگەڕێتەوە، کە لە (1991c) خستیەڕوو. ئەوەی تریان دوای بونیادنان و هاتنەکایەی پرۆگرامی پچوککراوەیە.

دواتر لەدوای مینیمەل پرۆگرام ئەو درەختەی خوارەوە دەخاتەڕوو، پێشتر ئاماژەمان پێداوە، بۆیە تەنیا درەختە دەخەینەڕوو، بەبێ شیکردنەوە.




هێڵکاری ژمارە ( ٦ )

بۆئەوەی بتوانین ڕۆلی زانیاریەکانی فەرهەنگ لە میکانیزمی کارکردنی زماندا بەشێوەیەکی کەتوارانەتر بخەینەڕوو، وبزانین بونی ئەو پێکهێنی فەرهەنگە لەئاستی ڕێزمانی زمانەکەدا چۆن کاردەکات دەبێ لەوەوە دەستپێبکەین: یەکێك لە پێکهێنی ڕێزمانی زمانەکە فەرهەنگی ئاوەزییە، مەبەست لە فەرهەنگ (= وشەنامە - disctionary= لیستێکی زاراوە یان وشە فەرهەنگییەکان لە زمان و بەتایبەتمەندی یان سیما زمانەوانیەکانیەوە (مەبەست بەشە ئاخاوتنەکە وچۆنیەتی درکانیان وئەرکیان لە دروستکردنی ڕستەدا، چۆن بەشداری دەکەن لە دارشتنی ڕستەدا، بەهۆی ڕیزکردنی ژمارەیەك وشەوە، سەرەتا ئێمە هەندێ وشەی گونجاو بەرینە دەرەوەی فەرهەنگەوە. بەستنەوەی ئەو وشانە بەیەکەوە و هەڵبژاردنیان لەژێر ڕۆشنایی زنجیرەیەك ژمێرکاریی سینتاکسی ( syntactic computation) ەوە دەبێ ئەمەش لە پێکهێنی ژمێرکاری – سینتاکسی ڕوودەدات ولەچوارچێوەی ڕێزمانی زمانەکەدا، بەوەش ڕۆنانێکی ڕستەسازی دێنێتە ئاراوە. ئەو ڕۆنانی سینتاکسیە وەکو وەرگرتەیەك (input)ی بۆ دوو پێکهێنی تری ڕێزمانەکە لەکاردا دەبێ (یەکێکیان پێکهێنی سینتاکسیە، کە دەبێتە نەخشەیەك بۆ گواستنەوەی ڕۆنانە سینتاکسیەکە بۆ نواندنێکی گونجاوی واتایی (بۆ نواندنێکی زمانەوانی لایەنە واتاییەکانی ڕستەکە، پێکهێنەکەی تر(پێکهێنی فۆرمی فۆنەتیکیە ( PF component). بۆیە وای پێدەڵێن، چونکە ڕۆنانە سینتاکسیەکە بۆ نواندنێکی فۆرمی دەنگی نەخشەکێش دەکات (نواندنی فۆرمێکی فۆنەتیکی) پێمان دەڵێت چۆن ئەو ڕستەیە دەدرکێنرێ. نواندنە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیمانتیکییەکە ڕووبەڕووی سیستەمی بیرکردنەوە دەبێتەوە، نواندنە فۆرمە دەنگییەکە ڕووبەڕووی سیستەمی قسەکردن دەبێتەوە، وەکو لەو دەرەختەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:




بڕوانە ( Rodford:2004:9 )

هێلکاری ژمارە ( ٧ )

لەو چوارگۆشەیەی کە فەرهەنگ و ڕستەسازی لەخۆدەگرێ هەنگاوێکی پێشتر هەیە بەناوی selection کە تیایدا وشە گونجاوەکان هەڵدەبژێرێ دەیانباتە دەرەوەی فەرهەنگەوە، دواتر بەهۆی ڕێکارییەکانی ژمێرکاری Computation ڕۆنانێکی ڕستەیی دێنێتە بەرهەم. ڕستەکە لەوێوە بەرەو دوڕیانی پێکهێن دەبرێت کە پێکهێنی واتایی و پێکهێنی دەنگیین لەو دوو پێکهێنەدا لایەنی واتایی و چۆنیەتی درکاندنی ڕستەکە دەخرێتە بەر لێکدانەوە، بەر لەوەی نواندنی واتایی دەنگی یەکلابکرێنەوە، بێگومان هەموو ئەو لێکدانەوانە لەچوارچێوەی ئەو توانستە دەبێ، کە بە ( competence / Faculty / adecquacy )ناودەبرێت.

دوای ئەو ڕونکردنەوانە ئەوە دەردەکەوێ کە لەچوارچێوەی زیندەزمانیدا مەرجە سەرەتاییەکانی زمان وەرگرتن بۆ بەدەستهێنانی زمانێکی نابەرجەستە لەوە زیاترە کە تەنیا مامەڵە لەگەڵ (S0) بکەین، بەڵکو زمانە وەرگیراوەکە لەئەنجامی کارلێککەری سێ هۆکار دەبێت بەو شێوەیەی خوارەوە:

1) ئەزمونێکی تاکەکەسی، کە بە (PLD) کورتمانکردەوە، زانیاریە سەرەتاییەکانی زمان، کە یەکێکە لەو هەڵبژاردنانەی دەدرێ بە (S0).
2) S0 خۆی کە لەئەنجامی گەشەکردن دێتەکایەوە.
3) تایبەتییە گشتییەکانی سیستەمە ئۆرگانیەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەخاڵی سێیەمدا سیستەمی ژمێرکاری دێتە ناوەوەو ڕۆڵی دەبێ لەبەڕێوەچونی میکانیزمەکاندا، لێرەدا دەبێ پێشبینی توانستی ژمێرکاری بکەین، ئەو وێنەیە ڕوونە لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی سیستەمە ئەندامیەکاندا، گرنگی ئەو میکانیزمە زیاتر بۆ دەروونناسی گەشەیی دەگەڕێتەوە (بڕوانە Chomsky و هی تر 23 :1982). زمانەوانەکان وای بۆدەچن کە ناکرێ بەو پرسیارە دەستپێکەین کە ئایا تایبەتمەندییەکانی زمان چیین؟ بەڵام دەتوانین بڵێین زمان بۆ وایە؟ بۆیە دەبێ لە لێکدانەوەیەکی قوڵتر بگەڕێین، قوڵتر بێ لە توانستی لێکدانەوە explanatory adequacy، کەوا ئەوەش وابەستەی خاڵی یەکەم و دوەمی سەرەوەن، بەواتایەکی تر تاڕادەیەکی زۆر خاڵی سێیەم پشت گوێ خرابوو لە لێکدانەوەکاندا، و گرنگییەکی کەمی پێدراوە. ئەو هەوڵانەی درا بۆ ئەوە جیاوازی لەنێوان دوو جۆرە توانست بکەن: توانستی وەسفکردن descriptive adequacy و توانستی لێکدانەوە explanatory-adequacy ئەو شیکردنەوانە لەبەرژەوەندی خاڵی سێیەم بوو، کە ڕاستەوخۆ زاناکان کەوتنە لێکۆڵینەوە لە ساڵانی هەشتاکاندا، بۆ دووبارە داڕشتنەوەی کێشە زمانییەکان، کە تیایدا پرۆگرامی بچووککراوە، یان بەرنامەی کەمینە هاتەکایە، کە ئەرکەکەی بریتی بوو لە لێکدانەوەی هەمو بنەما و بیرۆکەکان کە لەوەسفکردنی زماندا دێتەکایە (بڕوانە Leiber 2001: 2). زۆرجار ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، ئایا توانستی سیستەمە ژمێرکاریەکە چەند؟ و میکانیزمی کارکردنی ئەو پەیکەرە چۆن دەبێ لە کاتی بەکارهێنانی هەر زمانێکدا؟ کورتەی پرسیارەکان لەوەدا ئەوە دەبێ ئەو مەرجانە چین لەوەرگرتنی زماندا دەبێ هەبن؟

٦- مەرجەکانی وەرگرتنی زمان:

زمانەوانەکان هەندێ مەرج و بنەما لە خستنەڕووی وەرگرتنی زماندا دەخەنەڕوو، کە هەریەکەو لە قۆناغێکدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ و بەو شێوەیەی خوارەوە:

1- ئەوتوخمە زمانییانەی لە (S0) دا لێکدانەوەیان بۆ ناکرێ.

2- Conceptual Intention (CI) نیازە چەمکییەکان بەشێك دەبن لە بنەماکانی (S0).

3- تایبەتمەندییە گشتییەکان.

بنەمای لێکدانەوەکان، بۆ توانستی لێکدانەوەیی دەگەڕێتەوە لەچوارچێوەی خاڵی دووەم و سێیەمدا وەکو تێزێکی بەهێزی بچوککراوە strong minimal thesis، بەو پێیە خاڵی (1) بە بەتاڵی دەمێنێتەوە. ئەوەی ڕونە، کەوا هیچ ڕێنماییەکی پێشتر لەبەردەستدا نییە، کە بەو ڕێڕەوەدا دەڕۆین، پرسیارەکانیش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەهەر خاڵێ لەو خاڵانەدا ئەزمونکاری و کردەیی دەبێ، واتە دەبێ سەلماندنی هەبێ، لەوانەدا توانستی ژمێرکاری computation efficiency، ئەوەی کە توانستی زمان هەڵیدەبژێرێ، وەکو توخمەکانی خاڵی (3)، دەکەوێتە دەرەوەی (S0) ەوە، هەرچۆن (جینێکی بۆماوەیی) نییە ڕوونی بکاتەوە کە چۆن پرۆتینێك لەناو دەچێت. دەکرێ توخمەکانی (1) کە لێکدانەوەی بۆناکرێ هەڵبژێردرێ، چۆمسکی وادەستپێدەکات کەوا هەندێ گریمانەی پێوانەیی دەستەبەردەکات، کە هیچیان بێلایەن نین.

ئەو ڕێڕە و بەرەو ناکۆکی زیاتر دەڕوات باشترین حالەت ئەوەیە کە نەتوانرێ دژەکەی بسەلمێنرێ، گرنگی بە جێگرەوەکانیان بدرێت. زمان کۆمەڵێک داڕێژراو (derivation) بەرهەمدێنێ. دوا دێری هەریەکێك لە داڕشتنەکان (بەرامبەر بە دەرکردە (دەرخستەکان) دەوەستێ، هێما، (D) بۆ derivation (داڕشتن) دادەنرێ، بریتیە لە جوتەیەکی وەکو (SEM, PHON)، PHON دەنگە و SEM بریتیە لە لایەنی واتایی (Semantics) لەڕێگەی SEM دەگەی بە PHONەوە، بەر لەوەی لەڕێگەی واتاکەوە، و لە (1 – 2) چەمکی مەزەندەیی دەگەیت بە (SEM)ەوە . ئەوکاتە داڕشتنەکە لێك نزیك دەبنەوە، ئەگەر هاتو دەنگ و واتاکە چەمکی مەزەندەییەکە ڕازی بکات. ئەگەر نا لەهەر ڕووبەڕووبونەوەیەکی نێوان دەنگ و واتاکە، داڕشتنەکە تێکدەشکێ و بەرهەم نایێ، لەبەر ئەوەیە دەبێ هەردەم (1 – 2) بەجۆرێك بەهێزبێ ڕێگە بدات بەو دەربڕاوە جۆربەجۆرەی واتا SEM بەرهەمیاندێنێ، بەڵام چۆن ئەو داواکارییە جێبەجێ دەکرێ یان دادەڕێژرێ. دەبێ مەرجێکی نادیار هەبێ، بەلایەنی کەم دەبێ بەستنەوەی هەردوو لایەنی دەنگ و واتاکە سنووردارنەبێ، بۆ نمونە ئەگەر کەرەستەیەك دووبارەبووەوە، و لە ڕۆنانی سەرەوە لێکدانەوەی بۆ نەکرێ، بۆ نمونە کەرەستەی "نا" – ە مەرجێکی بەهێزی پێوەیە، هەر داڕشتنێك دەبێ بەڵگەی سەرنەکەوتن بێ، و دەبێ بۆ داڕشتنێکی نزیك یان بۆ داڕشتنێکی شاراوە. ئەو مەرجە تاڕادەیەك بەهێزە (کە دەبێ لەئاستی سەرەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێ، ئەوە وایکرد هەوڵە تازەکانی هاندانی تێدابێت بۆ هەوڵەکان. بۆ نمونە بەراوردکردنی داڕشتنەکان، وەستانەوە لەهەندێ شت و سەیرکردنی بەرەوپێش یان بەرەو سەرەوە، کردە نالۆکالییەکان، (S0) تەنیا بۆ جارێك سیماکان (F) "Features" دەستنیشان دەکات، ئەوەی کە لەزمانەکە ڕێگەی پێدراوە، هەر زمانێك بۆ یەکجار سیما لاوەکییەکان دەستنیشاندەکات، ئەو سیمایانەش وەکو فەرهەنگی زمانە کە سەیردەکا. مەبەست فەرهەنگ (lexicon)ەو بە (LEX) کورت دەکرێتەوە، کە وەکو لیستێکی کلاسیکی هە ڵاوێردکراو سەیر دەکرێ، کە زۆربەی کێشەکان وەلاوە دەنێ. لەهەر داڕشتنێکدا (D) زمان یەکجار توخمە و کەرەستەکان

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


هەلدەبژێرێ ئەوەش لەفەرهەنگەوە ئەو ڕێگە پڕاوپڕە و تەواوکەرە بۆ هەموویان. بۆ نمونە لێکۆڵینەوە لەزمان لەژێر باری بێتوانایی هەستەکاندا، یان لێکۆڵینەوە لە جۆرەکانی تر، کە هەوڵدەدات هەندێ لە تایبەتمەندییەکان دەستنیشان بکات لەوانەیە تەرخان بکرێت بۆ زمان و تایبەتیش نەبێ بە زمان، (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە Petitto 2000: 3). ئەو داڕشتنەوەی کە لەچێوەی بەرنامەی کەمینە باسدەکرێ، جیاوازە لەو زاراوەیەی کە لەبواری وشەداڕشتن بەکاردێ ئەمیان ژمارەیەك کردەی میکانیزمی لەخۆدەگرێ بەرلەوەی ڕستەیەك لەمێشکی قسەکەری زمانێك بەرهەمبێ، هەندێ قۆناغی جیاواز و یەك لەدوای یەك لەخۆدەگرێ کە دواتر بەوێنە و درەخت ڕوونی دەکەینەوە، لەهەر قۆناغێکدا دەستەیەك زاراوەی نوێی دەردەکەون، کە هەموویان لەبیرکاری وەرگیراوە، بەر لە گەیشتن بە قۆناغی داڕشتن، لەفەرهەنگەوە دەست پێدەکات، کە تیایدا یەکە فەرهەنگییەکانی هەڵدەبژێردرێ، بەڵام هەندێ جار یەکەیەکی فەرهەنگی زیاتر لەجارێك بەکاردەبرێ، بۆیە پێویستی بە ژماردن دەبێ، ئەوەش دیسانەوە قۆناغێکی تری داڕشتنە "ڕیزکراوە فەرهەنگییەکان lexical array" زاراوەیەکە بۆ یەکێ لە پێکهێنەکانی بەر لە داڕشتن دەست پێدەکات وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێیدا گەر زیاتر لە جارێك یەکەیەکی فەرهەنگی بەکارهات دەبێ ژمارەی لەسەر دابنرێ، بۆ نمونە:

سێوەکە منداڵەکە خواردی

"ەکە" دووجار و لە دوو شوێنی جیاواز لە داڕشتنەکە بەکارهاتووە. داڕشتن مامەڵە لەگەڵ ڕیزبون دەکات، ئەگەرچی ڕستەکە خۆی بەداڕشتنی

منداڵەکە سێوەکەی خوارد

لێرەدا (ەکە)ی ژمارە (1) هاوشانی منداڵەکەیە

(ەکە)ی ژمارە (2) هاوشانی سێوەکەیە

بەڵام لەڕستەی یەکەم بەپێچەوانەوەیە.

مەبەست ئەوەیە جۆری ژماردنەکە پەیوەستە بە جۆری داڕشتنەکە ئەو کردەی ژماردنە بە (Numeration) ناودەبرێ، هەندێ بۆچونی واش هەیە کەوا مەرج نییە کردەکە ژمارە لەسەرکەرەستە دووبارەبوەکان دابنێ، بەڵکو تەنیا دەڵێ کە (بۆ نمونە - ەکە) دووجار بەکارهێنراوە (بڕوانە Chomsky 2001: 4).

٧- Numeration ژماردن:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاڵنەری سەرەکی لەو هەوڵە بۆ ئەوەیە بتوانرێ هەندێ لە ئاڵۆزییەکانی کردەیی ژمێرکاری کەمبکرێتەوە، ئەوەی ڕستەسازی دەیەوێت لێی دڵنیابێتەوە، کە ڕووبەرێکی دیاریکراو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە بەکاربێنێ، بێگومان ئەوەش بەپێی پێوەرێکی هەستیار و ورد و میکانیزمێکی ناوەخۆیی بێت (چۆمسکی پێیوایە کە ڕووبەرەکان یاسان ئەو چالاکانەی لە داڕشتنی ڕستەکەدا بەکاردەبرێت ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە هەڵبژاردنی فەرهەنگییەکەدا، چۆمسکی لەو بارەیەوە ئەو نمونەیەی خوارەوە دێنێتەوە:

1- There must be a possibility that proofs will be discovered
دەبێ ئەگەریی ئەوە هەبێ کە بەڵگەکان بدۆزنەوە.

وا گریمانە بکە کە ئێمە گەیشتینە قۆناغی داڕشتنەکە کە بەو شێوە ناشێوەگەرییەی خوارەوە نەخشە دەکرێ.

2- {T will} be discovered {proofs}

لێرەدا ڕیزکراوە (پۆلە) فەرهەنگییەکە Lexical array ی ئەو ڕستەیە بریتییە لە دەستەیەك یەکەی فەرهەنگی، کە ئێمە دەیانهێنینە دەرەوەی فەرهەنگ بۆ داڕشتنی ڕستەکە. کە ڕاناوی ئاماژە (ئەوێ - there) لەخۆ دەگرێ، لە هەڵبژاردنی (لێکدان - merge) لەڕێگەی جوڵاندنەوە (move)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەوا، ئێمە there لەو خاڵەدا هەڵدەبژێرین بۆ تێرکردنی داواکارییەکانی بنەمای جێکەوتەی فراوانکراو EPP (extendedprojection – principles). بۆ {T will} بەوەش ئەو داڕشتنە دەبێتە:

There {T will} be discovered proofs.

بەڵام ئەو گۆڕانە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئێمە هیچ ڕێگەیەکمان لەبەردەم نییە بۆ داڕشتنی ڕستەی (1) لەوەی کە (1) داوادەکات کەوا دۆخی بکەری (proofs) ببێتە بکەری (will) لەقۆناغی داڕشتنەکە کە لە (2) نوێندراوە. لێرە ئێمە دەبێ چی بکەین؟ .

واتە چارە چییە لەو خاڵەدا، (چۆمسکی لە 1988: 19) پێشنیازی ئەوە دەکات، بۆ زاڵ بون بەسەر ئەو کێشەیە، وا دەست پێدەکەین. وا گریمانە دەکەین، کە هەنگاوی یەکەمی داڕشتن وا دەست پێدەکات لەو دەربڕاوەی کە لەبەردەستدایە، ئێمە ژمارەیەك لەو یەکە فەرهەنگیانە دەبەینە دەرەوەی فەرهەنگ (lexicon)، ئەوەش وادەکات ڕیزکراوە فەرهەنگییەکە Lexical Array دروست بێ. بەڵام وا گریمانە بکە کەوا تەنیا لقە ڕیزکراوەکان Subarrayی یەکە فەرهەنگییەکان هێنراوەتە دەرەوەی فەرهەنگەکە

لە زۆربەی ڕووبەڕوو چاڵەکانی داڕشتنەکە بەدەستهاتووە، بەتایبەتی وایدانێ کەوا لقە ڕیزکراوەکان تەنیا تاکە سەرەکان دەگرێتەوە (بۆ نمونە C یان کرداری سوك $V^*$ چۆمسکی وایدەبینێ کەوا ڕیزکراوەکان تەنیا یان (C- سەرەی تەواوکەری) یان ($V^*$) کرداری سوك لەخۆدەگرێ، ئەو ڕیزکراوە لە یادگەی چالاك جێگیردەبێ (لە حاڵی کارکردن)، جاری یەکەم هەمو یەکە فەرهەنگییە ڕیزکراوەکان بەکاردەبرێت و تەواو دەبن، چونکە هەمویان لە کردەی لێکدان – merge لە ڕۆنانێکی گونجاو بەکاردێن، چاڵەکانی داڕێژراوەکە لە دەربڕاوێکی گونجاودا تەواودەبن، ئەو ژمێرکاری computation هەندێ ریزکراوی فەرهەنگی هەڵدەبژێرێ بۆ پڕکردنەوەی چاڵەکانی تر، یان ڕووبەرەکانی تری داڕشتنەکە بەوجۆرە کردەکە بەردەوام دەبێ (Chomsky 1988: 19). گەر ئێمە بگەڕێینەوە سەرەتاکانی بۆچونەکانی چۆمسکی لە خستنەڕووی یاساکانی فرەیز پێکهێنان و یاساکانی فرەیز وای بۆ دەچوو، کەوا یاساکانی گوێزانەوە بەیەکجار لەمێشکدا جێبەجێ دەکرێ، کەچی یاساکانی گوێزانەوە بە قۆناغ دەبێ تاکو یاسای یەکەم کۆتایی نەیەت هی دووەم دەست پێناکات، کۆتایی و بەرهەمی جێبەجێکردنی هەر یاسایەك کە دەرکردەیەکە دەبێ بە وەرگرتە بۆ یاساکانی دوای خۆی، سەبارەت بەو دیاردەی داڕشتنەش ئەوەی لێدەکەوێتەوە کەوا Lexical Array کۆی هەموو (sub- array)ەکانە، هەرجارەو لقە ڕیزکراوێك دەخرێنە بەرکاری ژمێرکاری وکاری لێکدانیان بەسەرجێبەجێ دەکرێ، دواتر لقە ڕیزکراوی دووەم دەخرێتە بەر تیشکی لێکدان و ژمێرکارییەوە ئەو کردەیە بەو جۆرە بەردەوام دەبێ، تاکو داڕشتنەکە (کردەی داڕشتنی ڕستەکە یان دەربڕاوەکە کۆتایی دێت).

٨- کردەی لێکدان لە داڕشتندا: (Merge).

ئێمە بەر لەوەی لەهەموو هەنگاوەکانی داڕشتن بکۆڵینەوە پێویستمان بەوە هەیە کەوا لە کردەی لێکدان بکۆڵینەوە چونکە یەکێکە لەو قۆناغانەی داڕشتن کە ناکرێ لە کردەی ژمێرکاریدا دەستبەرداری بین، ئاسانترین پێناسە بۆ (لێکدان - merge) لە (زاراوەیەکی تەکنیکی) یە بۆ بەستنەوەی دوو وشە یان لێکدانی دوو وشە بۆ بونیادنانی یەکەیەکی گەورەتر. بۆ ئەوەی ئێمە ئەو پێناسەیە بخەینە چوارچێوەی هەنگاوێکی کۆنکریتی و بەرجەستە سەیری ئەو نمونانە دەکەین کە چۆن (بۆ نمونە) دوو وشە فرەیزێك پێکدێنین، ئەو نمونەیە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە:

قسەکەری یەکەم: تۆ هەوڵدەدەی چی بکەیت؟

قسەکەری دووەم: یارمەتی تۆ دەدەم

لێرەدا لێکدانی (یارمەتی تۆ) دوو وشەیە بەڕێگەی لێکدانەوە پێکەوە گرێدراون، جا ئەو لێکدانە زۆربەی کات فرەیزێك دروستدەکات. ڕستەکە لە زمانی ئینگلیزی چاکتر لێکدانەوەی بۆ دەکرێ:

1- Speaker A: what are you trying to do?

Speaker B: Help you

خۆی ئەسڵی وەڵامەکە دەبێتە:

2- a- We are trying to help.

b- We are trying to help you.

لەوەڵامی رستەکە لەباری یەکەمدا. بە لێکدانی کرداری help لەگەڵ جێناوی you ئێمە وەڵامی دروست دەکەین – help you- بەڵام کردارەکە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە کردارێکی چاوگ (to help)، بەڵام هەموو کات کرداری (help) ناتوانێ ئەو شوێنەی پێش جێناوەکە پڕبکاتەوە:

3- a- you are very difficult.

*Help you are difficult .ناڕێزمانی

ڕستەی دووەم نا ڕێزمانی دەبێت، کەواتە ئەو کارەی کە ژمێرکاری لە قۆناغی لێکدان بەڕێوەی دەبێت بریتییە لە هەڵبژاردنی وشەی گونجاو بۆ لێکدان، بۆ نمونە لەزمانی کوردیدا:

٤- ١. ئەو پیاوە چۆنە؟

٢. زۆر باشە

*٣. زۆر بەڕێوە بەرە ناڕێزمانی

ڕادە ناوە

قسەکەری زمانی کوردی دەزانی "زۆر" ڕادەیە لەپاڵ ئاوەڵناوێك، یان ئاوەڵناو ئاسایەك لێکدەدرێ نەك لەگەڵ ناوێك. بەگەڕانەوە بۆ وشە لێکدراوەکەی (help you) لێرەدا دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگرین کەوا (help) دەبێتە سەرەی وشە لێکدراوەکە نەك جێناوەکە ببێتە سەرە، لەوەدا جێناوەکە دەبێ بەتەواوکەری سەرەکەوە فرەیزێکی کرداری (vp) پێکدێنین. لەبەر ئەوەیە بۆ ئەوەی زیاتر سەرەکە دەربخات پێشتر لە درەختەکە بەو شێوەیەی خوارەوە بوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



جێناو

ئێستا بەوشێوەیە دەنوێنرێ



چونکە تایبەتمەندی ڕێزمانی واتایی هەموو فرەیزەکە لەخۆدەگرێ، بەواتای کردارەکە بڕیار لەسەر دروستی و نادروستی لایەنی ڕێزمانی و واتایی فەریزەکە دەدات نەك جێناوەکە. ئەو دایگرامە دەکرێ بە کەوانە ناولێنراوەکان بنوێنرێ:

{vp {v help} {PRN you}}

ئەگەر بەشێوە تازەکەی بینوێنین بەو شێوەی خوارەوە دەبێ:

{help {help} {you}}

وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا هەریەکێك لەو کەرەستە لێکدراوانە کۆمەڵێك سیمای ڕێزمان و واتایی لەخۆدەگرن، بۆ نمونە جێناوی you سیمای کەسی دووەمی تاك و سیمای دۆخێکی بەرکاری لەخۆ دەگرێ، کرداری (help) سیمای کردارێکی تێپەڕ و پێدەری دۆخی بەرکاری و پێدەری ڕۆڵی بەرکاری بابەتانە بە فرەیزە ناوییەکان هەڵدەگرێ. ئەوەی پێویستی بە گوتنە ئەوەیە کەوا ئەو سیمایانە لە بنەڕەتدا سیمای مۆرفۆلۆجین و لەفەرهەنگدا جێگیرکراون (بڕوانە Radford: 67).

٩- لێکدانی دەرەکی و لێکدانی ناوەکی

External merge and Interna: Merg

ئەو زاراوەیە وابەستەی دوو زاراوەی ترن بەناوی جولەی شاراوە covert movement جولەی ئاشکرا Overt movement, چونکە چۆمسکی خۆی دەڵێ کەوا لێکدان merging جۆرێکە لە جولە، ئەو زاراوانە تایبەتن بە قۆناغی بەرنامەی کەمینە لە بۆچونەکانی چۆمسکی (لە پرۆگرامی بچوککراوەدا ئەو زاراوەیە وەسفی لقە سیستەمێك دەکات بەناوی (پێکهێنی شاراوەCovert component ) کە (بەدوای پرۆسەی درکاندن – spell out)ەوە دێت، داڕشتنی ڕستەکە بەردەوام دەبێ تاکو دەگات بە فۆرمی لۆجیکی -LF- ئەوەش بەبەراورد بە پیکهێنی فۆنەتیکی -PF- کەبەرەو فۆرمی فۆنەتیکی دەبات (Crystal 2003: 11). بەوەش فۆرمی فۆنەتیکییەکە دەرکەوتوترە و دەبینرێ، یان دەبیسترێ. وەکو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاماژەمان پێدا کەوا "لێکدان"یش فۆرمێکی تری جولاندنە، کە تیایدا یەکەیەکی فەرهەنگی دەباتە دەرەوەی فەرهەنگەوە، یان ڕیزکراوە فەرهەنگییەکە، و لەگەڵ چەند یەکەیەکی تری فەرهەنگی لێکیان




دەدا ئەوە بەشێکە لە لێکدانی دەرەکی – external merge، دواتر لە هەنگاوێکی تردا بە میکانیزمێکی ترەوە هەندێ کەرەستە لێکدەدا بۆ بەرهەمهێنانی لێکدانێکی ناوەکی، کە وەکو دوو فۆرمی جیاوازی جولاندن دێتە ئاراوە: سەیری ئەو دوو هێلکارییەی خوارە بکە:




هێڵکاری ژمارە (٨ )

لەو هێلکارییەی خوارەوە شوێنی جێناوی پرسەکە دەگۆڕێ بۆ شوێنی (spec) فرەیزی تەواوکەری بە کۆپییەك شوێنەکەی خۆی جێدەهێڵێ، بۆیە وێنەی خوارەوە لێکدانی ناوەکی و گواستنەوەیەکی داپۆشراوە

هێڵکاری ژمارە (٩)

بەوردبونەوە لەو دوو هێلکارییەی پێشتر لێکدانی دەرەکی لە درەختی یەکەم بەرچاو دەکەوێت لەوەی سەرەتا ڕیزکراوە فەرهەنگییەکان بە قۆناغ دادەڕێژرێن بۆیە سەرەتا (cp) وەکو فرەیزێکی تەواوکەری لە قۆناغی یەکەم دەرناکەوێ، لەپاڵ داڕشتنەکە بنەمای فراوانکردنی جێکەوتە وەکو بەشێك لە کردەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەژمێرکاری کردنی بونی دەبێ، بەڵام کاتێ کە (CP) وەکو گەورەترین پرۆژە جێکەوتەی دەبێ ئەو بنەما EPP و WH شوێنی خۆی بەتاڵ دەکات، چونکە (cp)ی پێویستی بە (spec)ێك هەیە، جێناوەکە بۆ شوێنی ئەو سێپەکە دەگوازرێتەوە، ئەو جولانەوەیە داپۆشراوە و نابینرێ بۆیە بەلێکدانی ناوەکی ئەژماردەکرێ (بۆ زانیاری بڕوانە Dayal 2002: 515) ئێمە بەر لە باسکردنی لێکدان باسمان لە ژماردن – Numerationکرد، تیۆرەکە هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە ڕێزمان کەمکاتەوە بۆ کەمترین کەرەستە و میکانیزم چونکە هەموو زمانێك بریتییە لە فۆرم و واتا، ئەگەر ئەوە نابێ کە دەستبەرداری ڕووبەڕووبونەوەی نێوان ڕێزمان و واتاسازی (LF)بین، یان لەنێوان ڕێزمان و فۆنەتیك (PF) بین لەوەش زیاتر ڕووبەڕووبونەوەیەکی تر میکانیزمێکی سینتاکسی هەیە کە ڕۆنانێك دروستدەکات کە لەئاستی ڕووبەڕووبونەوەکەدا دەردەکەوێ. وەکو جۆرێك لە جۆرەکانی سیستەمی ژمێرکاری، دەکرێ بەواتایەکی تر وای لێکبدەینەوە کام لە کەرەستەکانی شەرعین و مافی دەرکەوتنیان هەیە لە ئاستەکاندا بنوێنرێن، کە خۆیان ئەگەر لێکدانەوەیان هەیە وەکو پێکهێنێکی لێکدراوە، ڕێزمان دەبێ وەکو کەمترین ڕادە بونی هەبێ. گەر پرسیاری ئەوە بکەین ئایا ئەو ڕۆنانەی، کە LF وPF بونیاددەنێ چۆن پێکدێ، پرۆسەکە لە فەرهەنگەوە دەست پێدەکات، وەکو یەکەی فەرهەنگی کە هەندێ بەگشتی دەبێ پێناسەی ئەو دەربڕاوانە بکرێ کە لە زمانەکە ڕێگەپێدراوە واتە زمانەکە بتوانێ دوای هەڵبژاردنی یەکە فەرهەنگییەکە selection بتوانێ وەسفێکی ڕۆنانی structural descriptionبداتە ئەو یەکە فەرهەنگیانەی ناو دەربڕاوەکە ئەو وەسفی نارۆنانییە (SD) وەکو مۆڵەتی ڕێگەپێدانە بۆ دەربڕاوەکە. ئەو دەستتە زاراوە/ یەکە هەڵبژێردراوانە پێیان دەوترێ ژماردن (Numeration) فۆرمی نمونەیی (SD) وەسفە ڕۆنانییەکە ئەوکاتە ڕێزمانی دەبێ، ئەگەر هەر توخمێك (کە لەژماردن) ەوە دەرچوە وەکو پێویست چەندجارەی بەکارهێنانی هەبێت. هیچ لە توخمەکان لە ژماردن نامێنێتەوە، وەکو بەکارنەهێنراو ئەگەر ڕستەکە ڕێزمانی بوو. بۆ نمونە وا گریمانە بکە کەوا ژماردن سێ توخمی لەخۆگرتووە (هەڵۆ، سەیران ی، خۆشدەوێ) ئێمە لێرە جارێ ئەو پرسیارە پشتگوێ دەخەین، ئایا کەرەستە ئەرکییەکانی وەکو (کات، ڕێکەوتن) ئایا کردەی ژماردن Numeration دەیانگرێتەوە.

واتە خۆیان لەژماردنەکەدا هەن، یان لەڕێگەی سیستەمی ژمێرکارییەوە computation زیاددەکرێ، ئێمە پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کەوا بۆ نمونە کردار بەهەموو سیماکانییەوە پێکەوە لە فەرهەنگ بونیادنراون، کە دەبێ ناوە ناوە لە کردەی داڕشتندا derivation پاساوی بۆ بدرێ، سیستەمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمپیوتەری ڕۆنانەکە بەهۆی هەڵبژاردنی توخمەکان (یەکە فەرهەنگییەکان) بونیاددەنێ لە ژماردن و بەڕێگەیەکی گونجاو لێکیان دەبەستێ، باوا گریمانە بکەین ئەو پرۆسەیە لە چوارچێوەی (ئیکس - باردا) بەڕێوەدەچێ و فرەیزی کرداری VP بونیاددەنێ.




لەوانەیە ئەوە ناوبێ کە بەوشێوەیە دەبێ




ئەودوو درەختە دەکرێ لێکیبدرێ




بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت تاکو ژماردن هەمو هەڵبژاردنەکانی فەرهەنگ بەکاردێنێ. سیستەمی ژمێرکاری دەتوانێ ژمارەیەك درەختی جیا بەکاربێنێ وەکو بیەوێ، بەڵام لەهەندێ قۆناغدا میکانیزمی دارِشتنەکە دەبێ ئەو درەختە جیاجیانە لێکیبدا بەڕێگەیەکی گونجاو، لەلایەکی ترەوە تاکە وەسفی ڕۆنانی (SD) ناتوانێ هیچ فۆرمێ بونیادبنێ بەوەش ئەنجامەکەی دەبێتە نارێزمانی، واتە هەر دارِشتنێك کە وەسفی ڕۆنانی بۆنەکرا ڕستەیەکی نارێزمانی لێدەکەوێتەوە، گەر بگەڕێینەوە کۆتا هەنگاوی ژمێرکار، کە دەبێ دوو فۆرمی پراوپڕی نواندنی ڕۆنانی بەرهەمهێنابێ، یەکیان لە LF و یەکیان -PF، ئەو ڕاستییەی کەوا بونی ئەو دوانە ئەوە دەگەیەنێ کەوا ژمێرکاری دەبێ لەشوێنێ بەناوی درکاندن – spell out هەڵیانوەشێنتەوە، دوای ئەو سیستەمی ژمێرکاری نواندنی سەربەخۆ پێشکەش دەکات، کە تایبەتمەندییەکانیان لێك جیاوازە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




هێڵکاری ژمارە (١٠)

Spell out درکاندن بەشێکی لە وەسفی ڕۆنانی دروستدەبێ، کە هەموو زانیارییە دەنگی و واتاییەکان لەخۆدەگرێ کە لە فەرهەنگ و جیابونەوەی ئەو دوو لایەنە بەدەستدێنێ، بەوپێیە لەلایەکی ترەوە نواندنێکی تر کە ئەوەی بەجێماوە، گریمانە کەمینە ئەوەیە، کە دەتوانێ زانیارییەکان لە (SD)یدا چۆنی بوێ وای دابەش دەکات، (بڕوانە Cook 1996: 320).ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە Spell out جێبەجێ دەکرد، چونکە هەندێ مەرج دێتەکایە کە دەبێ پەیڕەوبکرێ لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی نواندنەکان لێکدانەوەی پڕاوپڕ- full Interpretation

ئەگەر درکاندنە زوو ڕوویدات، واتە بەرلە هەموو توخمە فەرهەنگییەکانی ژماردنەکە لێرەدا پاش درکاندنێك post spell out دێتەکایە، یان لە لقێکەوە بەرەوLF یان بەرەو PF دەڕوات، یان دەبێتە توخمێك لە LF کە تاکو ئێستاش زانیاری فۆنەتیکی لەخۆدەگرێ، یان دەبێتە توخمێك لەئاستی PF، کە ئێستاش زانیاری سیمانتیکی لەخۆدەگرێ.

بەڵام گەر یەکە فەرهەنگییەکان دوای درکاندنەکە هاتە ناوەوە، درکاندنەکە ناتوانێ زانیاری گونجاو جیابکاتەوە بۆ ئاستێکی دروستی نواندن، بەوپێیە یەکە فەرهەنگییەکان لێرەدا دارشتنەکە تێکدەشکێ (crash)، لەوەش زیاتر ئەگەر درکاندن بەرلەوەی سیستەمی ژمێرکاری لقە درەختەکان لێك گرێ بدات، دیسانەوە ئەنجامەکەی نواندنێك دەبێ کە لەڕووی واتاوە لێکنادرێتەوە لەئاستی PFدا، وا گریمانە دەکرێ کەوا دوای درکاندن- spell out ڕێڕەوی ژمێرکارییەکە بەرەو PF تەنیا وابەستەی پێکهێنێکی فۆنەتیکییە، هیچ پرۆسەیەکی سینتاکسی سەرەکی لەنێوان درکاندن و فۆرمی پڕاوپڕی PF دەرناکەوێ، ئەگەر درکاندنەکە زۆر دوابکەوێت، دەکەوێتە ناکۆکی لەگەڵ بنەمای خۆ و دواخستن (خوا گرخاندن (procrastinate

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجـــــــــام:

ئەو توێژینەوەیە ئەو ئەنجامانەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە .

١. گەر هەردوو لایەنی بۆماوەیی و ژینگەی زمانی منداڵ لە قۆناغی ( ٩-١٠ ) بەیەکەوە کار نەکەن، وەرگرتنەکە کەم وکوری تێدەکەوێ منداڵی خاوەن زمانێکی پاراو نابێ.

٢. ئەگەر منداڵ کەوتە دوای قۆناغی "دە" ساڵی و بە هەریەکێک لەو دوو هۆکارەی سەرەوە زمانەکەی وەرنەگرت، گەر بتەوێ فێری زمانی (دایک) ی بکەیتەوە وەکو ئەوە وایە فێری زمانی دووەمی بکەیت.

٣. باری زمان و توانستی زمان لەبەر تێکەڵبون بە ژینگەی زمانییەوە لەباری سفردا دەبێ بۆیە هێمای ( S0 ) بۆ دادەنرێت.

٤. لە هەڵبژاردنی یەکەزمانییەکان لە فەرهەنگدا هەموو یەکەکان بە جارێک وەرناگرێ بەڵکو هەر جارەو دوو یەکە وەردەگرێ و هەڵیاندەبژێرێ بۆ جێبەجێ کردنی کردەی لێکدان ( merge ) بۆ بونیادنانی ئاخاوتن،

## سەرچاوەکان :


- Alexiadou, & Muller (2008), Noun categorization on decsension classes Dussel doff press.
- Chomsky, N. (1982), some concepts and consequences of the Theory of Government and Binding: Cambridge press.
- Chomsky, N. (1986b) Barrievs, MIT press. Cambridge Mass.
- Chomsky, N. (1988), Language and broblems of knowledge, Cambridge Mass.
- Chomsky, N. (1991c) Some notes on economy of derivation and representation Cambridge Mass.
- Chomsky, N. (1995a) The minimalist program, Cambridge Mass.
- Chomsky, N. (1995b) The Theory of Principles and parametres Cambridge Mass.
- Chomsky, N. (2001) Beyond explanatory Adequacy Unpublished manuscript, MIT.
- Cook, V. J and Mark Newson (1996) Chomsky's Universal Grammar, Oxford: Black publisher.
- Crystal, D. (2003) A Dictionary of Linguistics & Phonology: Blackwell Publishing
- Dayal, V. (2002) Single-pair versus multiple pair answer Linguistic Inquiry 33.
- Diamon, J. and E, Bellwood (2003), Farmers and their Languages: the First expansions.
- Haegeman, L (1994) Introduction to Government and biding (2nd Ed) Oxford, Black well publishers Limited.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

- Halle, M. and Marantz, A. (1993) Distribufed Morphology and pieces of inflection, Cambridge, MA: MIT Press.
- Lasnik, H. (1995), Verbal Morphology, Georgetown University Press.
- Mecawley. J.D (1993), Anote on auxillary verbs and language acquisition, Journal of Linguistics 2812.
- Morgan, J.L(1995), From simple Input to complex Grammar: Cambridge MIT Press.
- Ortman, A (1999), Affix repetition and non-redundancy in inflectional morphology, Belin: Akadimic velag
- Pollard, C & Sag, A (1994) Head driven phrase structure grammar, Chicago press.
- Radford, A (2001) Minimalist syntax, Cambridge University press.
- Stump, G. (2001), Inflection Morphology: A theory of paradigm structure. Cambridge University press.
- Ura. H. (2000), Checking Theory and Grammatical Function in Universal Grammar.
- Wunderlich, D. (1992) A minimalist anlysis of German verb morphology, University of Dusseldorf.
- Wunderlich, D & Fabri, R. (1995) Minimalist mprphology An approach to inflection. Oxford University press.

# The Mechanism of Work of The Mental Lexicon Under the Lights of The Computer System

**Parez Khalid Muhammed Amin**
Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Pareze85@gmail.com

**Prof.Dr Sabah Rasheed Qadir**
Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Dr.sabahrashed@yahoo.com

***Keywords:*** *Morphology - Syntax -Minimal program - Faculty language - language acquisition*

## Abstract

Abstract of The research entitled (The mechanism of work of the mental lexicon under the lights of the computer system) and the research is an attempt to shed light on the

mechanism of the work of the mental lexicon in the mini-program and within the framework of the late opinions of (Chomsky), and it must be said that the dictionary enters the data of the morphological level of the language, and realized Chomsky said that the differences between languages lie mainly in the morphological difference, so the level of analysis in this research is morphological. Introduce it into its context specific to the word. In acquiring any language, there are two mechanisms associated with the completion of the language acquisition project. Decreasing any of the two mechanisms misses the acquirer the opportunity to learn the mother language, which lasts until the age of (9-10) years, and if this period is broken, any deficiency destroys the acquisition. As well as within the framework of the research program, we discuss the issue of moving units and merging units after removing them from the mental lexicon.

## آلية عمل المعجم العقلي تحت اضواء النظام الحاسوبي

### ملخص

البحث الموسوم ب( آلية عمل المعجم العقلي تحت اضواء النظام الحاسوبي) والبحث عبارة عن محاولة لتسليط الضوء حول آلية عمل المعجم العقلي في البرنامج المصغر وفي اطار الآراء المتأخرة ل(Chomsky)،ولابد من القول بأن القاموس تلج في معطيات المستوى الصرفي للغة،وادرك جومسكى بأن الاختلافات بين اللغات تكمن اساسا في الاختلاف الصرفي،لذا مستوى التحليل في هذا البحث يكون صرفيا.للخوض في تفاصيل التحليل لهذا المستوى يجب البدء حول كيفية اكتساب مقدمات اللغة الاولى، الكلمة والتي هي وحدات قاموسية تعتبر غامضة الى ان تلصق بها احدى اللاصقات لتزييل الغموض او ايلاجها في سياقها الخاص بالكلمة .في اكتساب اية لغة فهناك آليتان تقترنان لاتمام مشروع الاكتساب اللغوي ، انتقاص اي من الآليتين يفوت على المكتسب فرصة تعلم لغة الام ، والتي تستمر لغاية العمر(٩-١٠)سنوات،وإن تخلخل هذه المدة اي نقص يتحطم الاكتساب.وكذلك ضمن اطار برنامج البحث نبحث في مسألة التحريك في الوحدات ودمج الوحدات بعد اخراجها من المعجم العقلي.بعدعرض النتائج وتصفيف المصادر وعرض الملخصين يختتم البحث.